# ئـــايا لاساييكردنەوە يان دزين كردارێكى ناشايستەيە؟

**نوسين و ئامـادەكردنى: مەريـوان جەلال-لـەنـدەن 2016**

مرۆڤـ هەر لەسەرەتاى دروست بونيەوە بيرى لەئاسانكارييەكانى ژيانى ڕۆژانەى كردۆتەوەبە دروستكردنى كەرەستەى پێويست هەرچ كەرەسەيەكى دروستكردبێت بە داهێنان هەژمار دەكرێت و كە پێشتر نەبووە هەروەك چۆن ئێستا كەسێكى تر نيە بتوانيت جارێكى تر پێچكە دروست بكات, لەبەرئەوەى لە پێش هەزاران ساڵەوە دروستكراوە, بەڵام رۆژ لەدواى رۆژ پێشكەوتن و ديزاينى تازەى بەخۆيەوە بينيوە.

مرۆڤـ بێگومان كاريگەرييان لەسەر كردارى داهێنان هەيە. ئەگەر وانەبێت ئەوا بەردەوام كەڕ و لاڵ وكوێرانە بڕۆين.

سوود وەرگرتن لە كارى كەسانى تر بەتايبەت پێشانگە هونەريەكان، شتێكى بێگومانە كاريگەرى هەيە لەسەرمان و دەكرێت بەو كاريگەريە بەرەنجامى گۆڕانكارى و وەرچەرخانى تايبەت و كارا، بگۆردرێت بە داهێنانى جيا و جياواز و نوێ بۆ بەرژەوەندى بنياتنانى ئەزمونى هونەريى كەسانێكى تر. ئەگەر بەكەسێكى تر كاريگەربووين دەبێت هێڵێك لە نێوان سرووشى(ئيلهامى) كارەكەى ئەو و كۆپيكردن بكێشين ( بە شێوەيەكى تر و بە ئاوختنێكى ڕاشكاوەنەتر: دەبێت لە لەبەرگرتنەوە/چاپكردنەوە و وەرگرتن/دزين و دەستدرێژى كردنەسەر كارەكە...) زۆر بە ئاگابين و سنورى ئەو هێڵە تايبەتە نەشكێنين و تێنەپەڕێنين.

كۆپيكردنى شاكارە هونەريەكان، هۆكارێكى زۆر باشن بۆ فێربونى شێواز و تەكنيكى كاركردن، لە داڕشتن و ڕەنگگرتنەوە و پاشان زياتر ئاشنابون بە ئەزمونى هونەريى هونەرمەندەكە، و ئاشنابون بەكارەكانى. ئەم كاركردنەش لە سەرەتاى فێربون و خوێندنى هونەرەوە دەستپێدەكات، هەندێك جاريش كەسانێك وەك حەزكردن بە هونەر ئەمە بە رێگايەكى شايستە و گونجاو و باش دەزانن بۆ فێربونى تەكنيكەكانى هونەر بەگشتى و نيگاركێشان بەتايبەت.

**لاساييكردنەوە ياخود دزيـــن**

بەكارهێنانى كارێكى هونەرى يان نوسينى كەسێكى تر بەبێ ئاماژە پێدان و گەڕانەوە بۆ خاوەنەكەى، يان مۆڵەت وەرگرتن لە خاوەن بەرهەمەكە، بە كارێكى نەشياو و ناشايستە هەژمار دەكرێت، و كردە هونەريەكە دەچێتە خانەى پرۆسێسێكى دزينەوە , هاوكات دەبێتە هۆى ئەوەى كە خاوەنەكەى بەدواداچون و لێپرسينەوەى لەسەر بكات، لەم حاڵەتەشدا دەبێت كەسى وەرگر، ئامادە بێت بۆ هەر سزايەك كە دەدرێت.

لاساييكردنەوە بە شێوەيەكى تەواو لەيەكچوو يان بەكارهێنانى كارى كەسێكى تر و بازرگانيكردن پێوەى، بە تايبەتى كە هونەرمەندەكە لە ژياندا مابێت بە هەمان شێوە ئەمەش بە دەست درێژى كردنە سەر كارى كەسانى تر دادەنرێت.

ئەگەر هەردوو ئەم کارە بەیەکەوە ئەنجام درا لاساییکردنەوە و وەرگرتن/دزین: بێ مۆڵەت و ئاماژە پێدان، بە ناوی خۆتەوە بڵاوت کردەوە و بووە کارێکی بازرگانی یان نمایشکرا، ئەوا دەبێت کەسی وەرگر چاوەروانی سزاکەی بکات.

زۆرن ئەوانەی لە مێژووی هونەردا کاری هونەرمەندانی تریان کۆپیکردووە نمونەش: هان ڤـــــان میگـەرێز (Han van Meegeren 1889-1947) کە سەرەتا بەلاساییکردنەوەی کارێکی هونەرمەند رامبرانت دەست پێدەکات پاشان لە رێگایی کەسێك کە کاری هونەری کۆدەکاتەوە وە بۆ ساغکردنەوەی کارەکانی دەست دەکات بە کۆپیکردنی کارەکانی هونەرمەندی هۆلـەندی جۆن هانس ڤێرمیر (John hannes Vermeer - 1632-1675) بەڵام بەشێوەیەك لەلایەن گەورە زانایانی هونەرەوە بڕوای پێهێنرا. وە هۆی هەڵبژاردنی ئەم کارانەش دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کەکارەکانی ڤێرمیر کەم بوون وە ئەمیش شارەزاییەکی باشی هەبووە لە کارەکانییدا وە هەرووەها میگەرێن کەسێکی زۆر شارەزا بووە لە زانستی کیمیـادا. ئەمە دەستپێکی کارکردنی بوو لەسەر کارەکانی ڤـێرمیر بەلاَم ئەمجارە بەبەکارهێنانی کەنڤـاس و بۆیاغـی سەدەی هەڤـدەیەم, وە بە تێکەڵاوکردنی ماددەیەك بە ناوی(بـاکلیـت Bakelite) کە لە پلەیەکی گەر می بەرزدا گۆرانکاری بەسەر گیراوەی بۆیاغەکەدا دەهێنێت دەیکاتە کارێکی هونەریی کە هەستی کارێکی کۆن ببەخشێت: و کارە کۆپی کراوەکە وەك کاری ڤێرمیر لە مۆزەخانەی بۆیجمانس(Museum Boijmans) وەرگیرا , بووە کارێکی کۆنی 400 ساڵی گەلەرییەکە.بەلاَم پاش ئەوەی کەدەرکەوت ئەمە کاری هونەرمەند ڤـــــێرمیر نیە هانس ڤان مـیگەرێن وەك تاوانبار ناسێنرا و بۆ ماوەی یەك ساڵ زیندانی کرا.

ئێوارەخوانی ئەمـواس



**هان ڤـــــان میرگـرین**

1936 -1937

**کانڤـاسی کۆن**

127 x 115 سم

ئەگەر چی ئەم چیرۆکە نەبووە پەندێك بۆ نەوەکانی دوای خۆی و دووبارە بوونەوەی بە شێوەیەکی جیا و لە کاتێکی تردا کە تا ئەمرۆ وەك کێشەیەکی دیاری نێو ناوەندی بازرگانی و نمایشی هونەریی، هەر بەردەوامە:

چیرۆکی دایمن هیرست Damien Hirst و جۆن لی کەی John Le Kay لەوێوە دەست پێدەکات کاتێك دایمن هیرست لە ساڵی 1992 دا دەچێتە نیویۆرك لەوێ چاوی بە هونەرمەند جۆن لی کەی دەکەوێت کە چوار ساڵ جیاوازی تەمەنیان هەیە.


Damien Hirst


John LeKay

جۆن وەك بیرهێنانەوەیەك باس لەوە دەکات کاتێك هیرست لە چەند بۆنەیەکدا سەردانی ستودێوکەی دەکات, هیرست زۆر بە گرنگییەوە لە کارەکانی ئەروانێت. ئەو کاتانە هیرست لەسەر کارە ( وێنە پینەکراوەکان Patch Painting) کاریدەکرد و جۆن: زۆر بێشەرمانە کارەکانی بە قێزەون وەسفکرد.

هاوڕێیەتی ئەم دوو هونەرمەندە زۆر ڕووداوی جیاوازی لێکەوتەوە، بەشێوەیەك هیرست بەتەواوەتی کەوتبوە ژێرکاریگەری (جۆن)ەوە، کەوەك خۆی دەڵێت کار گەیشبوە ئەوەی، کە لاسایی کەسایەتی جۆن بکاتەوە، زۆر جار ویستویەتی دەق وەك ئەو بێت.

لەگەڵ ئەمانەشدا لی کەی Le Kay هەر یارمەتی داوە و وەك خۆی دەڵێت: هیرست بە دوای چەند سەرچاوەیەکدا دەگەڕا کە وێنەی پەپـــولەی تیادا بێت, منیش کتێبێکی کارۆلینا بیولۆجیکەڵ کەیارمەتیدەری کۆمپانیای کەتەلۆکی زانستیەکان بوو کە خۆم وەك سەرچاوەی بیرۆکەی کارەکانم بەکارم دەهێنا پێشکەشم کرد.


John LeKay. *This Is My Body, This Is My Blood.* 1987


Damien Hirst. *In Nomine Patris (In the Name of the Father).*[1] 2005

وەلەکاتێکی تردا لی کەی Le Kay وێنەی کارێکی خۆی پیشانی هیرست دا کە بریتی بوو لە مەڕێك لە سنگەوە قاشکراوە و لە خاچ دراوە, هیرست پرسیاری کرد کە ئەم کارە ساڵی چەند دروستکراوە : منیش ووتم ساڵی 1986-1987 پاشان زۆر بێدەنگ بوو وە بە جرتوفرتێکی زۆرەوە ژوورەکەی بەجێهێشت و گەرایەوە بۆ شارەکەی خۆی، و لەبەر خۆیەوە چەند قسەیەکی هەڵبزرکاند کە هیچ مانایەکی نەبوو. دواتر بۆ بەیانیەکەی، (تانیا) زۆر بە شڵەژاوییەوە پەیوەندی پێوەکردم پێی وتم کە چێشتخانەکەی داوە بەسەریەکدا دنیایەك شتی شکاندوە! پێم بڵێ چیت پێ وتوە؟

منیش ووتم تەنها هەندێك لە کارە کۆنەکانی خۆمم پیشانداوە، کە یەکێك لەوانە (پارچە گۆشتەکە) کە بزانیت من چەند ساڵێك پێش ئێستا و لە پێش ئەووە کارێکی وەهام ئەنجامداوە, ئەمە بۆ من کارێکی گەورە نیە بەڵام دیارە بۆ ئەو, **بەڵێ**! بە هەر هۆکارێك بێت. ئەگەر من بمزانیاییە هەرگیز ئەو کارانەم پیشان نەئەدا, تانیاش ووتی تۆ نازانیت ئەو چەند چاوچنۆکە, بەتایبەتی بەرامبەر بە تۆ!.

پاش ماوەیەك دیارییەکەی لی کەی Lekay کە (کەتەلۆکی کارۆلینای زانستی) بووە بە سەرەتایەکی دراماتیکی پێشکەوتوو بۆ کارەکانی هیرست. لە ماوەی چەند مانگێکدا یەکێك لە کارەکان (مانگایەکی لەتکراو لە ناوەراستەوە، لەگەڵ بێچووەکەی کە لەسکیدایە, ساڵی )1993 لە باینالی ڤـێنس پیشانی دا.

**هیرست لە ساڵی 1995 هەستا بە بەرجەستەکردنی چەند کارێك لە**( سوڕاندنەوەی تابلۆ-Spin Painting) چواردانە بە ناوی (جوان-Beautiful) بە ڕشتنی بۆیاغ بەسەر روکەشێکی بازنەییدا- ئەم جۆرە کارکردنە، وەك جمووجۆڵێکی تازەگەری لە ساڵەکانی 1950 سەریهەڵدا, کە هونەرمەندی سویسری ئالفۆن سیچلین Alfon Schiling) و هونەرمەندی فەرەنسی ئانیك جێنرۆن Annick Gendron) لە ساڵی 1960 دا زیاتر پەرەیان پێدا.



Carolina Science catalogue: bisected cow.[2]
1992



Damien Hirst. *Mother and Child Divided.*[1]
2007 from 1993 original



ئالفۆن سیچلین Alfon Schiling

والتر رۆبینسۆن که هونەرمەندێکی ئەمریکییە کۆمەڵێك کاری لەم جۆرەی لە ساڵی 1980 نمایش کرد. هەروەها جۆن لی کەی John Le Kay) جۆرێکی جیاواز و تایبەت بە خۆی لە رشتنی بۆیاغ دروستکرد کە هیرست لە ساڵی 1993 دا لەلای جۆن بینیبونی. بە بەکارهێنانی مێزێك کە بازنەیەکی خڕی لەسەرە و ئەسووڕێتەوە, لی کەی دەڵێت هیرست ئەم کارەی منی زۆر بەلاوە جوان بوو و پێی ووتبووکارێکی زۆر وروژێنەرە.




لەساڵی 1993 هونەرمەندی بەریتانی ئاندی شۆ (Andy Shaw) کۆمەڵێك کاری (سوڕاندنەوەی تابلۆ- Spin Painting) ی دروستکرد کە پێشتر لەگەڵ (جەی جۆپلین Jay Jopling) کە ئەمیش لە پێش هیرستەوە بە چەند مانگێك هەستاوە بە پیشاندان کارەکانی .

ئاندی شۆ Andy Shaw






هیرست له ساڵی 1996دا هەندێك لەو كارانەی له گاگسۆن گەلەری له نیۆیۆرك نمایش كرد به ناوی (هەستنەكردن به ناپاكییەكی ناتەواو). دواتر دایڤـید رایمانیلی David Rimanelli له كۆڕێكی هونەرییدا وتی جیاوازی نێوان رۆبنسن و هیرست: تەنها ئەوەی هیرست ماتۆڕێكی هەیە كه كارەكەی پێدەكات. لی كەی Le Kay ووتی هیرست گرنگییەكی تەواوی دا به تابلۆیەكم كەمن له تەوالێتەكه هەڵم واسیبو.

كارێكی ئینستلەیشنinstallation كه هیرست Hirst له ساڵی 1996 له گاگسۆن گەلەری پیشانیدابوو بریتی بوو له تۆپێك به هۆی هەوایەكی خێراوه له هەوادا جێگیر دەبوو. هانس هاسكی Hans Haccke ئەم ئینستلەیشنەیinstallation لەساڵی 1964 دروستكردوه بەهەمان شێوه تۆپێكه بەهۆی هەوایەكی خێراوه له هەوادا جێگیر دەبوه, تەنها جیاوازی له نێوان ئەم دوو كارەدا تۆپەكەی هیرست رەنگاورەنگه ئەوەی هانس سپـیـه.



Hans Haacke. *Floating Sphere.* 1964



Damien Hirst. *Loving in a World of Desire.* 1995

ئەو کارانەی کە هیرست کۆپی کردوون زۆرن، و ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە فرۆشی کارەکانی لە سەرەتای ساڵەکانی 2004-2005 ەوە تاساڵی 2010 بەرزبونەوەیەکی باش بە خۆیەوە ببینێت، بەڵام لەوە بەدواوە تاساڵی 2013, 30٪ لە نرخی کارەکانی دابەزی.

## ئەمانەش چەند نموونەیەکی تری کارەکانێیانە:



Lori Precious.
*Never Been a Prayer.*[1]
1994



Lori Precious.
*All the Living and the Dead.*[1]
1996



Lori Precious.
*All the Living and the Dead.*[1]
2003



Damien Hirst.
*Ad te. Domine. lavave.*[1]
2010



Damien Hirst. *Friday Night in the Royal Station Hotel - Conception.*
2006



Damien Hirst.
*High Windows - Happy Life.*
2006



John LeKay.
*Yin and Yang.*
1990



Damien Hirst.
*Hymn.*
1999




Christmas card.
c.1980



Damien Hirst. *Spirit.*
2003



Robert Dixon. *True Daisy.*
1991



Damien Hirst. *Valium.*
2000




Spastics Society
collecting box.
c. 1960



Kerry Stewart.
*The Boy.*[1,5]
1993



Damien Hirst.
*Charity.*
2003



John LeKay.
*Spiritus Callidus #2.*
1993



Damien Hirst.
*For the Love of God.*
2007

هونەرمەندێکی وەك هیرست لە ئێستادا، ناو و ناوبانگێکی زۆری هەیە، و بە دەوڵەمەنترین هونەرمەند دادەنرێت, بەلاّم پرسیارەکە ئەوەیە ئایا هیرست چەند تاوانبارە, وەك دەرکەووتووە سەرەتای کارەکانی لە هونەرمەندانی ترەوە سەرچاوەی گرتوە و بە شێوەیەکی تر یان دەستکاریەکی کەمی لە کارەکەنیدا دا کردوە وە بەناوی خۆیەوە جارێکی تر پیشانی داوە. هیرست هەرگیز لە دەست رەخنەگران و شیکەرەوەکانی هونەر رزگاری نابێت، ئەگەر ئەمڕۆش کارەکانی ئاسان بڕوات ئەوە سبەینێ مێژو رەحمی پێناکات.

لە هونەردا لە یەکچوون و نزیك بونەوە, کاریگەری یەکتر لەسەر کارەکانی یەکتر بەدی دەکرێت و بەتایبەتی لەم سەردەمی نزیك بوونەوەیەدا کە لە چرکە ساتێکدا لە ڕێگای تۆڕە جیاجیاکانی تۆرە کۆمەلاّتیە جیاجی کانەوە کاری چەندەها هونەرمەند دەبینیت لەم سەری جیهانەوە تا ئەوسەری جیهان وە هەروەها دەتوانیت  بە ناو مۆزخانەو گەلەرییەکانی جیهاندا گوزەر بکەیت , بەلاّم لەم هەموو جەنجاڵییەدا چۆن خۆت لە کاریگەربونی ڕاستەوخۆ ودوبارەکردنەوەی ئەزمونی کەسانی دە ئەپاڕزیت.

زۆر جار بە بێ هۆ و بە بێ هیچ مە بەستێك کاری هونەری دوبارە بوونەوەی تێکەوتوە کە هەردوو هونەرمەند ئاگاداری یەکتر نەبون هەریەك لە جوگرافیایەکی جیاواز و دوور لە یەکتری لێکچوون لە کارەکانیاندا بەدی دەکرێت. هونەرمەندی بەریتانی گرەیسۆن پێری Grayson Perry-1962 لەگەڵ هونەرمەندی ئەمریکی مایکل فریمکیس Michael Frimkess -1937. هەردوو هونەرمەند کارەکانیان سیرامیکە و هەمان ماددەیان بەکارهیانەوە وە بۆ روکەشی کارەکەشیان پەنایان بردۆتە بەر وێنە بە شێوەی گواستنەوە یاخوود درووستکردن, کارەکەی  فریمکس بە ناوی  ( بازدان لە لۆجی مانگدا Jumping at the moon lodge) بریتییە لە هەڵسەنگاندنێکی  رەخنەگرانەی کۆمەلگە, بە بەکارهێنانی سێ جۆر شێوە: ئامفـــۆرای ئەتیك, گوڵـدانی مینۆن لەگەڵ مەنجەڵی چینی بۆ بەکارهێنانی جەنجە فیل. کارەکەی بە دروستکردنی دیوارێکی زۆر تەنك وەك کاغەز دروستکردوە, بە شێوەیەکی بەرز و بەشی خوارەوەی تەسك بۆتەوە و لەسەرەوە پان, دواتر سەرقاپێکی خڕ لەگەڵ ژێرێکی تەخت و گەورە وە لە سەروەش بە کلۆیەك نەخشێنراوە.   هەمان شێوە لە کارکەی پیـــری دا  هەمان تەکنیك دووبارە بۆتەوە بە ناوی (دڕندەیەکی جـــوان- Beautiful Splendour) بە شێوەیەکی زۆر کارامە کارەکەی بە ئەنجام گەیاندووە.

Grayson Perry



Michael Frimkes



نمونە زۆرن بۆ باسکردن لەم بابەتە، هەوڵ ئەدەم لە نووسینێکی تردا بە چڕی باس لە سەر ئەو هونەرمەندانە بکەم کە تارادەیکی زۆر نزیکایەتی لە نێوان کارەکانیاندا بەدی دەکرێت، لە تەکنیك و شێوازی بەرجەستەکردندا، یاخود هەردوو هونەرمەند پشتیان بە یەك سەرچاوە بەستووە, کە ئەمەش زیاتر پەیوەستە بە کاریگەری یەك لەسەر ئەوەی تر لە کۆتادا بە قازانجی هونەرمەند دەگەڕێتەوە، و دوورە لە لاسایی کردنەوە و یاخود بەکارهێنانی کاری کەسێکی تر بە بێ ئاگاداری خاوەنەکەی، و بۆ خۆ پاراستنیش لەم دیاردەیە دەزگا هونەرییەکانی هونەر و مامۆستایان بەرپرسیارێتی تایبەت دەکەوێتە ئەستۆیان, و دەبێت زۆرترین زانیاری بەردەست و پێویست بدەن بە خوێندکارەکانیان، و نمونەی کاری هونەرمەندان لە ڕێگەی شیکردنەوەو پەیڕەوکردنی کردارەکیانەی ئەزمونەکانیان بخەنە بەر دەستی قوتابیان. بۆ نمونە، بوونی (سکێچ بووك - پەرتووکی نەخشەکێشان- Sketchbook ) هۆکارێکی زۆر باشە کە خوێندکار زانیارییەکانی رۆژانەی و وە تیبینیەکانی لەسەر کاری هونەرمەندان و سەردانی گەلەرییەکان و مۆزەخانەکانی تیادا تۆماربکات.

و کۆی ئەمانە و کارەکانی خۆی لە بەراودکردنێکدا لە نێوان ئەم پەرتوکەدا ئەمێنیتەوە, گرەیسۆن پێری Grayson Perry لە بابەتی پەڕتوکی سکێچەکانیەوە دەڵێ:

پەڕتوکی سکێچەکانم ئەو شوێنەن کە ئەتوانم تیایدا لەگەڵ بیرۆکەکانمدا گفتوگۆ بکەم, شوێنێکە پێش ئەوەی بیرۆکەکانم بە ناو ستودیۆکە و دواتر جیهاندا بلآوببنەوە، پێش وەخت لە ناو پەڕتوکی سکێچەکانمدا کاریان لەسەر دەکەم و بابەتی تازەیان تیادا ئەدۆزمەوە.



لەبەرگـــرتـــنەوە Transcription

لە هەموو کاتێکدا سکێچ بوك یارمەتیدەرێکە بۆ لەبەرگرتنەوەیTranscription کاری هونەرمەندانی ترو وچا کاری هەر هونەرمەندێك بێت و یان لەبەرگرتنەوەی هەر شتێك بێت لە سرووشتدا. لەبەرگرتنەوەی کاری هونەرمەندان بەلاّم بە تەکنیکی جیاواز و وە بەکارهێنانی ماتریالّی جیاواز هزری خوێندکار فراوانتر دەکات وە دەبێتە هۆی خەیالّ فراوانی زیاتر لای قوتابی: یەکێك لەو ماددانەی کە مامۆستا لە کاتی خوێندندا پەیڕەوی دەکات
لەبەرگرتنەوەیەTranscription بەلاّم نەك دەقاودەق وەك کارە ڕەسەنەکە بەڵکو مامۆستا دەیەوێت خوێندکار سەربەست بکات لە بەکارهێنانی ماتریالّی جیاواز و تەکنیکی جیاواز بۆ دروستکردنەوەی کاری هونەرمەندێك کە هەریەك بە ئاما نجێك کارەکە بە ئە نجام دەگەیەنێت, وە دەبێتە کارێکی سوود بەخش بۆ فێربوون و ئاوێتەبوونی خوێندکار لەگەلّ کاری هونەرمەندەکە.

هونەرمەندی بەناوبانگ پابلـۆ پیکـاسۆ Pablo Picasso یەکێك بوو لەو هونەرمەندانەی کە کاری هونەرمەندانی پێش خۆی بە تەکنیکی جیاواز و ماتریالّی جیاواز دروست کردۆتەوە وە بۆ نموونە کاری ( THE ORIGIN OF LUNCHEON ON THE GRASS ) (نان خواردن لە سەر گیا ) کارێکی بەناوبانگی هونەرمەند ئـێدوارد مـانیە Edouard Manet

زیرەکی ولێهاتووی هونەرمەند ئـێدوارد مـانیە لێرەدا دەردەکەوێت کە توانیویەتی سوود لەکارێکی هونەرمەندی ئیتالـی 1534–1840 مارکەتۆنیۆ را یمۆدی Marcantonio Raimondi وەربگرێت, کارەکەی را یمۆدی کارێکی تەواو جیاوازە کە بە هەڵکۆڵین لەسەر پلێت کراوە . دوای ئەوەی مانێت سوود لە و هونەرمەندە ئیتالییە وەردەگرێت جارێکی هونەرمەندیکی تر هونەرمەندیکی وەك پابلۆ پیکاسۆ بە چەند شێوەیەکی جیاواز ئەم کارەی دووبـارە دەکاتەوە کە هیچ لە نرخی تابلۆ رەسەنەکە نەگۆراوەو ئەمیش بۆتە شاکارێکی تری هونەری. پاشان ئەم کارەبووە ئیلهام بەخش بۆ زۆر لە هونەرمەندانی تر لەوانە هونەرمەندی فۆتۆگرافەر ئـاندی ئـیرلّ .Andy Earl






**لەم جۆرە حاڵەتانەدا نابێت, گەر بابەتێك بەسەر مامۆستادا تێپەڕی، ئەوا مامۆستا تاوانبار بكرێت, چونكە مامۆستاش توانایەكی ڕەهای نیە كە ئاگاداری هەموو هونەرمەندانی جیهان و گشت بەرهەمەكانی ئەمڕۆی نێو تۆڕە كۆمەڵاتیكان بێت.** **لە** سیستمی زانكۆ جیهانیەكاندا لە بواری هونەردا، سیستمی وانەوتنەوەی بە كۆمەڵ زۆر كەمە، یاخود تەنها بۆ چەند بابەتێك بەكار دێت. كە تیایدا مامۆستا كات بۆ قوتابی دادەنێت كە بە تەنها یەكتر ببینن ،و خوێندكاریش ئەوماوە كاركردنەی كە خەریك بووە دەخاتە بەر دەستی مامۆستاكەی و لەوێوە سەرچاوەی گفتوگۆ دەست پێدەكات.

ئەم گفتوگۆیە دەبێتەهۆی ئەوەی ئەگەر خوێندكار كاری هونەرمەندێك یان بابەتێك سەرنجی ڕاكێشابێت ئەوا لەوێدا دەبینرێت و دەبێتە هاندەرێك كە مامۆستا رێگای تر، بخاتە بەردەمی قوتابیەكە بۆ ئەوەی دوور بكەوێتە لە كۆپیكردن لاساییكردنەوە.

لەم میانەیەدا و لە ئەنجامی پرسیارەكانی مامۆستا بۆ خۆێندكارەكە، دەردەكەوێت تا چەند خودی خوێندكارەكە خاوەنی ئەو بیرۆكەیەیە. و هەڵبەت لە ناو پەرتوكی سكێچەكانیشدا دەبێت ڕێزبەندییەك ببینریت وە سەرەتاییەكی

کارەکە دەردەکەوێت ئەگەر سەرچاوەکەی سرووشت بێت، ئەوا دەکرێت ڕێگا و نمونەی زۆرتر بۆ قوتابیەکە شیبکاتەوە تا بەرچاوی روونتر بێت نەکەوێتە هەڵەوە.

ئەرکی مامۆستا ئەوەیە کە بەدواداچوونی بەردەوامی هەبێت بۆ خوێندکار بزانێت کە چی پێویستە, ئەگەر ئەو کاتە لەبەردەست نەبوو لە کاتێکی تردا بۆی ئامادەبکات, ئەمەش هاندانێکی ترە بۆ ئەوەی قوتابی بزانێت مامۆستاکەی ئاگادارییەتی و لە هەوڵ و خەمی پێشکەوتنی کارەکانی ئەودایە.

لە کۆتاییدا قوتابی بەر پرسیارە لە کۆپیکردن  وە لەبەرگرتنەوەی راستەوخۆ کە بە کارێکی ناشایستە و زەرەرمەند بۆ خوێندکارەکە هەژمار دەکرێت.

دەبێت هەمووهەوڵێکی خوێندکار  بۆ بەدەستهێنانی زانیاری زیاتر بێت، بە سوود وەرگرتن لە دەوروبەری خۆی و هاوکات هزرو خەیاڵی خۆی بخاتە گەڕ هەرچەند سادە بێت،  هەروەها دۆزینەوەی تەکنیکی جیاواز و بەکارهێنانی ماتریاڵی جیاواز و هەمەجۆر بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی نوێ و دەوڵەمەندکردنی هەردو وتاری واتایی و تەکنیکی کارەکانی.

**سوپاسی بێ پایانم بۆ خۆشەویستان مامۆستا قادر میرخان, مامۆستا وەهبی رەسوڵ وە هەروەها کاک مەحموود نەجمەدین بۆ سەرنج و تێبینیەکانیان.**